# بێچووە مراوییە ناشرینەکە

هەبوو نەبوو، هێالنەیەکی مراوی هەبوو. لە هێالنەکەدادایکە مراوییەک لەسەر هێلکەکانی کڕ کەوتبوو. چاوەڕێی هاتنی بێچووەکانی دەکرد و پێی وابوو زۆر ناخۆشە کە بە تەنیا لەوێدا بێت. بەاڵم زۆری نەبرد و بێچووەکان لە هێلکەکانیان هاتنە دەرەوە. هەموو بێچووەکان هاتنە دەرەو، بەاڵم هێلکەیەکی گەورە مابوو. دایکە مراوییەکە جارێکی دیکە لەسەر هێلکەکە کڕکەوتەوە" .دەمێکە لەسەر ئەم هێلکانە کڕ کەوتووم، با تۆزێکی تریش لەسەر ئەمە بمێنمەوە ".دایکە مراوییەکە ماوەیەکی زۆر کڕ کەوت. لە کۆتاییدا هێلکەکە شکا" .واق، واق"، بێچووە مراوییەکە هاتە دەرەوە، گەورە و ناشرین بوو. دایکە مراوییەکە وتی "چەندە گەورەیە!". بێگومان جوان و نازدارە. وەرن بێچووەکانم، تا دنیاتان پیشان بدەم.

هەموو پێکەوە چوونە مەلەکردن، و گەڕانەوە بۆ ناو هێالنەکەیان لە کێڵگەکەیاندا. لەوێ چەندین خێزانی دیکەش دەژیان. مراوییەک وتی "نا...، سەیری ئەو بێچووە مراوییە گەورە و ناشرینە بکەن." مراوییەکی تر دەنووکێکی لە بێچووە مراوییەکە دا و وتی "وایە، نامانەوێت ئەمە لێرە بێت.

" دایکە مراوییەکە وتی "وا مەکەن. هەراسانی مەکەن ."مراوییەکانی تر وتیان "با، زۆر گەورە و سەیروسەمەرەیە، نامانەوێت ئەمە لێرە بێت." دایکە مراوییە وەاڵمی دانەوە "زۆر جوان نییە، بەاڵم ئاقڵ و بەڕێزە و زۆر بە باشی دەتوانێت مەلە بکات ".بارودۆخی گشت بێچووە مراوییەکانی دیکە لە کێڵگەکەدا باش بوو، بەاڵم بێچووە مراوییە گەورەکە بەر پاڵنان و تێهەڵدان دەکەوت و بەردەوام هەراسان دەکرا. هیچ کەس لەگەڵیدا نەرم و ڕووخۆش نەبوو. ڕۆژی یەکەم بەو جۆرە بوون لەگەڵیدا و ڕۆژەکانی تریش خراپ و خراپتر دەبوون. ڕۆژێکیان بێچووە مراوییەکە وتی "ئیتر با بەس بێت." بەڕاکردن بەرەوڕووی حەسارەکە ڕۆیشت و بەسەریدا هەڵفڕی. لە بەری ئەوبەرەوە چەند باڵندەیەکی بچووکی لێبوو.

باڵندەکان ترسان. بێچووە مراوییەکە بە دڵتەنگییەوە لە بیری خۆیدا وتی "دیارە بۆیە دەترسن چوونکە زۆر ناشرینم" . بێچووە مراوییەکە بەردەوام بوو لە ڕاکردنەکەی، تا

گەیشتە ئەو شوێنەی مراوییە کێوییەکانی لێ دەژین. لێرە وچانێکی دا، هەم ماندوو و هەم دڵتەنگیش بوو.

بێچووە مراوییەکە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەوێ مایەوە. بە ئارەزووی خۆی دەهات و دەچوو، دەفڕی و لە شەقەی باڵی دەدا، مەلەی دەکرد و دەچووە قواڵیی ئاوەوە. باڵم چوونکە ناشرین بوو، هیچ کام لە ئاژەڵەکانی ترقسەیان لەگەڵدا نەکرد. وەرزی پایز هات. گەاڵی دارەکان زەرد هەڵگەڕان و وەرین، ئیتر دونیا ساردی کرد. ئێوارەیەک لە کاتی ئاوابوونی خۆردا، ژمارەیەکی زۆر باڵندەی گەورەی سپی، لەناو گژوگیاو درەختەکانەوە هاتنە دەرەوە. ئەو باڵندانە سەقاقووش بوون. بێچووە مروابییەکە زۆری پێ جوان بوون! باڵەکانیان کردەوە و بۆ دوورکەوتنەوە لە زستانی سارد بەرەو واڵتانی سارد فڕین. بێچووە مراوییەکە زۆری ئارەزوو دەکرد کە لەگەڵیاندا بێت، هەستی بە لێدانی دڵی کرد، بەاڵم نەیتوانی بەدوایان کەوێت. نەیدەزانی ئەو باڵندانە ناویان چییە یان بەرەو کوێ دەڕۆن، بەاڵم زۆر دڵخۆش بوو پێیان، هەستی بەوە دەکرد کە حەز دەکات لەگەڵیاندا بێت.



*Ender. Foto: Pixabay*

لەوانەیە ببنە هاوڕێی هەرچەندە ئەو زۆر ناشرینیش بوو؟ زستان هات و سارد و ساردتر بوو. بێچووە مراوییەکە لەوناوە هەر خەریکی مەلەکردن بوو، بەاڵم ئاوەکە زیاتر و زیاتر دەیبەست. لە کۆتاییدانەیتوانی چیتر مەلە بکات و لە ناو سەهۆڵەکەدا ڕەق هەاڵتبوو .زستانێکی ساردو درێژ بوو و بۆ بێچووە مراوییەکە زۆر ناخۆش و زەحمەت بوو، چوونکە بە تاقی تەنیا بوو .بەاڵم ڕۆژێکیان بەهار هات. خۆر دەستی بە گەرمبوون کرد، و یەکەمین گوڵەکان دەرکەوتن. بێچووە مراوییەکە دڵی خۆش بوو. بەرەو ئاوێکی جوان لە تەنیشت باخچەیەکەوە هەڵفڕی. لەوێ! لەوێ سێ باڵندەی سپی جوان هاتن. هەر سێکیان زۆر جوان و بە باشی مەلەیان دەکرد !بێچووەمراوییەکە بیری کردەوە "با بە مەلە بڕۆم بۆ الیان." "بەدڵنیاییی لەوانەیە لەناوم بەرن، چوونکە ئاوا ناشرینم. بەاڵم باشترە کە لەناوم

بەرن وەک لەوەی هەمووان قسەم پێ بڵێن و هەراسانم بکەن." بە مەلەکردن بەرەو ڕووی باڵندەکان چوو. باڵندەکان باڵەکانیان کردەوە" .فەرموون، دەی بمکوژن" بێچووە مراوییەکە ئەمەی وت و سەیری ناو ئاوەکەی کرد. لە ئاوەکەدا وێنەی خۆی بینی .بەاڵم لە ئاوەکەدا چی بینی؟ بێچووە مراوییەکی ناشرینی نەبینی، بەڵکوو سەقاقووشێکی زۆر جوانی بینی. بەڵی، خۆیشی سەقاقووشێک بوو! هەندێک منداڵ هاتن بۆالی ئاوەکە: "سەیرکەن سەقاقووشەکان وا لەوێن." منداڵەکان بە هاوارکردنەوە ئەمەیان وت و بەردەوام بوون "ئەوەش دانەیەکی تازەیە. ئەوەیان لە هەموویان جوانترە "!

سەقاقووشەکانی تر بە ڕووخۆشییەوە ساڵویان لێی کرد، و بێچووە مراوییەکە شەرمێک گرتی، بەاڵم دڵی زۆر زۆر خۆش بوو .